# ئازادی بۆ روئیا تلوعی

پاش کوشتنی شوانەی سەیدقادر و ئەتککردن و سووکایەتیکردن بە لاشەکەی لە شاری مەهاباد لە 9 ی مانگی حەوتی 2005 دا، شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران لە ماوەی نزیکەی مانگ و نیوێکدا خۆپیشاندانێکی فراوانی دژ بە حکومەتیان بەخۆوە بینی. وەڵامی هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەو خۆپیشاندانە ئاشتیخوازانە بریتی بوو لە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و خەڵکی سادەی شەقام. لەم ماوەیەدا بە دەیان هاوڵاتی کوژراون و بریندار بوون و بە پێی قسەی سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوەی رووداوەکان کە نوێنەری ئەنجومەنی ئیسلامی ئێرانە، زیاتر لە 500 کەس گیراون. هەوڵ و تەقەلای خێزانی دەستگیرکراوەکان بۆ ئازادکردنی خۆشەویستەکانیان تا ئێستا بێ ئەنجام بووە. بە پێی هێندێک سەرچاوەی هەواڵ، بەم دواییە نزیکەی  دوو سەد لەو زیندانییانە گواستراونەتەوە بۆ بەندیخانەی بەدناوی ئێڤین لە تاران. دوو بڵاوکراوەی سەربەخۆی کوردیش قەدەغەکراون.

لە نێوان دەستگیرکراوەکان ژمارەیەک داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ هەن وەکو روئیا تلوعی کە ژنێکی خەباتگێڕی ناو بزووتنەوەی ژنانە و ئەندامی رێکخراوی بەرگریکردن لە ژنانی کوردستان و نووسەر و هەروەها سەرنووسەری مانگنامەی راسان - ە. روئیا تلوعی لە 1 ی مانگی هەشت لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی دیکە لە کاتی خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانەدا لە شاری سنە گیراوە. داواکارەکانیان بریتی بوون لە ئازادکردنی ئەو کەسانەی کە لە دوای رووداوەکانی مەهاباد گیرابوون، دادگاییکردنی ئەوانەی بەرپرس و ئەنجامدەری تەقەکردن بوون لە خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکانی شارەکانی کوردستان لەگەڵ رێزگرتن لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کورد. هاوسەرەکەی روئیا لە 18 ی مانگی هەشت دوای گواستنەوەی روئیا بۆ بەندیخانەی گشتی چاوی بە خێزانەکەی کەوتووە، بەڵام منداڵەکانی نەیانتوانیوە دایکیان ببینن.

ئێمە زۆر نیگەرانیی سەلامەتی و تەندروستیی ئەو زیندانییانە و زیندانییە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانین. بە تایبەتی، دەمانەوێ سەرنجی رێکخراوە جیاجیاکانی مافی مرۆڤ رابکێشین بۆ باری روئیا تلوعی و هاورێکانی، لەوانە ئیجلال قەوامی، سەعید سەعیدی، مادح ئەحمەدی و ئازاد زەمانی کە لەهەمان بارودۆخدا دەستگیر کراون.

ئێمە بە توندی رەفتاری دەسەڵاتدارانی یاسایی لە بەرامبەر زیندانییە سیاسییەکان تاوانبار دەکەین و داوا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی نێونەتەوەیی خاچی سوور

دەکەین سەردانی بەندیخانە ناحەزەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی سەرجەم زیندانییەکان. هەروەها داوای ئازادکردنی روئیا تلوعی و مافپەروەرەکانی دیکەش دەکەین کە بە بیانووی سیاسییەوە گیراون.

ڕێکخراوی چاودێری مافی ژنی کورد
(Kurdish Women s Rights Watch-KWRW)
30 ی مانگی هەشتی 2005